# ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشەوا قازی محەمەد و کاریگەرییەکانی لەسەر هەڤاڵانی و چەند بەڵگەنامەیەک

نووسێنی: حامید گەوهەری

**پێناسە**

محەمەد قازی کوڕی عەلی قازی کوڕی قاسم قازی ڕۆژی یەکی ئاپریلی 1900ی زایینیی لە بنەماڵەیەکی دینداری ئایینییدا لە مهاباد چاوی بە ژێن کردەوە. لە خزمەت قازی عەلی بابی و "ئەبولحەسەنی سەیفولقوزات"ی مامیدا کە ماموستایەکی فرەزانی سەردەمی خۆی بوو، زمان و ئەدەبیاتی کوردی خوێند و لە لایەن ماموٚستایان میستر میلێر و میسس میسداڵ فێری زمانی ئینگلیزیی بوو. مەلا حوسێنی مەجدی فێری قورئان خوێندنی کرد و هەرلەو ڕێگایەشەوە فێری زمانی عەرەبیی بوو، هەروەها ماموٚستا عەبدولرەحمانی موکریانی " گیو" لە فێرکردنی زمانی فەرەنسییدا یارمەتیدا.

سەرەتا قازی محەمەد بەرگی ئاینیی "عەبا و عەمامەی عەرەبی" دەپۆشی و دواتر تەنیا عەمامەکەی هێشتەوە و لەجیاتی عەبا، کۆت و پانتۆڵی ئەوروپی دەبەرکرد. دوای تەواوکردنی خوێندن لە لای قازی عەلی بابی و سەیفولقوزاتی مامی و ماموٚستایانی ئەو سەردەمە، بەپلەی قازییەتی گەیشت، بەڵام هەتا قازی عەلی بابی لە ژیاندابووە، بەشێوەی ڕەسمیی ئەرکی قازییەتی بەڕێوە نەبرد و سەردەفتەری دەفتەرخانەی ژمارە دووی مهاباد بوو.

ساڵی 1924 لە تەمەنی بیست و چوار ساڵییدا بەڕێوەبەری ئیدارەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی شاری مهاباد بووە و ساڵی 1926 بە خۆکشاندنەوەی سەیفولقوزاتی مامی لە ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد، پۆستی بەڕێوەبەرایەتی ئەو ئیدارەیەی لە ئەستۆ گرت. محەمەدی قازی لەسەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا لە پەروەردەی مهاباد، دوو خوێندنگەی دامەزراند. یەکێکیان خوێندنگەی "پەهلەوی" خوێندنگەیەکی ئیجباریی بوو و ئەویتریان خوێندنگەی "پرماس" بوو کە دواتر ناوی خوێندنگەی "پەروانە" واتە پەپولەی لێنرا.

ساڵی 1931، محەمەدی قازی بەدوای کۆچی دوایی قازی عەلی باوکیدا، لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە کرا بە قازی ناوچەی مهاباد، بەڵام لە ساڵی 1936دا بەهۆی قسەکردنی بە زمانی کوردی بۆ سەربازەکانی سەربازگەی مهاباد و ڕەخنە گرتنی لە کردەی دزێوی مەئمورەکانی حکوومەت لە کوردستان، لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتی ڕەزا شاوە، پلەی قازییەتی لێوەرگیرایەوە و دوای داگیرکردنی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سوپای هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانیی لە 25 ی ئاگۆستی 1941دا و دورخستنەوەی ڕەزاشا لە ئێران و ناردنی بۆ دورگەی موریس، سەرلەنوێ محەمەدی قازی گەڕایەوە سەر کارەکەی و پلەی پێشووی بەدەست هێنایەوە.

**پێگەی کۆمەڵایەتی:**

دوای جێگیربوونی لەشکری سووری سۆڤیەت لە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1941دا، بۆ کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێردەستی بە هاوکاریی سەرۆک عەشیرەتەکان و کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان، سی (30) دەرەبەگ، خاون موڵکی گەورە و کەسایەتییە زۆر ناسراوەکانی

کوردی بانگهێشت کرده "باکۆ". محەمەد قازی یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو کە لە دیسێمبەری ساڵی 1941 لەگەڵ ئەو گروپە سەردانی باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی کرد.
محەمەد قازی بەهۆی پلەی چینایەتی و کار و بەرپرسایەتییەکەی، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ دەرەبەگەکانی ناوچەی موکریان هەبوو. لەبەرئەوە سەرەتا بەدڵ ڕێزی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان نەدەگرت و بۆخۆشی زۆر جێگەی ڕێز و خۆشەویستیی ڕێبەرانی کۆمەڵە نەبوو و تەنانەت لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەوە ڕەخنەی لێدەگیرا.
لەم ڕونگەیەوە، کاتێک کۆمیساریۆڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە 28-30 ی ژانویەی 1944 سەردانی مهاباد دەکات و چاوی بە مستەفا سوڵتانیان ئەندامی شورای شار و ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە دەکەوێت، سوڵتانیان دەربارەی محەمەدی قازی پێیڕادەگەیەنێ:
**- (محەمەدی قازی سیاسەتێکی ناڕونی هەیە، یارمەتیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەکات و هەرلەو کاتەشدا هاوکاریی ئێرانییەکان دەکات بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بۆلای دەوڵەت.)**
هەروەها کۆمەڵە لە نامەیەکی ڕۆژی 11ی ڕەزبەری ساڵی 1323یدا بە ئیمزای عەبدولرەحمانی زەبیحی بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز بۆ حەسەنۆف دەنووسێ:

**کۆمەڵەی ژ.ک**
**ئیدارەی ناوەندی**
**بەرواری 11 ڕەزبەری 1323- 1944/10/2**
**بژی کورد و کوردستانی گەورە**
**گەشتی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ گفتوگۆ، کە ئامانجیان بۆ ئێمە ڕوون نییە**
**بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مهابادەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک "قەرەنی ئاغای مامەش، عەولاغای مەنگوڕ، بایزئاغای گەورک و قازی محەمەد" دەچنە ورمێ و لەوێوە دەچنە تاران.**
**مودیری بەشی مطبوعات**
**عەبدولرەحمانی زەبیحی(2)**

**پێگەی سیاسی:**
بەرلەوەی کە قازی محەمەد بە ئەندامەتی کۆمەڵەی ژێکاف وەربگێری، خەڵکی مهاباد شورایەکیان پێکهێنا کە ئەمنیەت و ئاسایشی شار دابین بکات و سەرۆکایەتی ئەو شورایەیان بە قازی محەمەد سپارد(3).
کەسایەتی بەرز و ڕادەی ئیحترام و خۆشەویستیی محەمەد قازی لەناو خەڵک و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەدا و زەقبوونەوەی ڕادەی لێهاتوویی ئەو لە کارەکانیدا بۆ خەڵک و بەتایبەتی ڕووسەکان، هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ناچار کرد، داوای لێبکات کە سەرۆکایەتی کۆمەڵە بە ئەستۆ بگریت. بەم مەبەستە سەرەتا ئەندامەتی لە کۆمەڵەدا لێکرد و ئەویش وەڵامی پۆزتیڤی بە داخوازی سەرکردایەتی کۆمەلە دایەوە و چووە ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە. بە دوای ئەندام بوونی لە کۆمەڵەدا، هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە لە خەزەڵوەری 1323، کۆتایی ئۆکتۆبەر و سەرەتای نۆڤیمبەری ساڵی 1944دا سەرۆکایەتی کۆمەڵەی بە محەمەدی قازی سپارد.
دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر چوونی قازی محەمەد بۆ ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و نزیکەی یازدە مانگ بەسەر چوونی کۆمیسایۆڤ بۆ مهاباد، ڕۆژی 11ی ژانویەی ساڵی 1945 مائۆیڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت سەردانی مهاباد دەکات و لەلایەن ئیبراهیم ئیبراهیمیان

"نەوجەوان"، مستەفا سوڵتانیان، عەلی ڕیحانی، ئەحمەدی ئیلاهی، خەلیلی خەسرەوی، قادری قازی و محەمەد دڵشادی ڕەسوڵی نوێنەرانی کۆمەڵە پێشوازیی لێدەکرێت. نوێنەرانی کۆمەڵە داوا لە کۆنسوڵی ڕووسیا دەکەن کە کۆمەڵەی پەیوەندییە فەرهەنگییەکانی سۆڤیەت و کورد لە مهاباد دامەزرێت. لە وەڵامی پرسیاری مائۆیڤدا سەبارەت بە ئەندامی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی فەرهەنگی دەڵێن: گونجاوترین و باشترین مرۆڤ بۆ ئەم پۆستە قازی محەمەدە.(4)
محەمەد قازی جارێکیتریش لە مانگی ڕەزبەر، کۆتایی سێپتەمبەری ساڵی 1945 سەردانی "باکۆ"ی کرد. سەفەری ئەم جارەی قازی بۆ ئازەربایجان لەکاتێکدا ئەنجامی گرت کە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی ژێکافی بە ئەستۆ بوو. لەو سەفەریدا کە لەسەر داوای ئاتاکشی ئۆڤ ئەفسەری سیاسیی سۆڤیەت لە تەورێز ئەنجامی گرت، عەلی ڕیحانی، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، مەناف کەیمی، قاسم ئێلخانیزادە، عەبدوڵڵا قادری، هەمزە ئاغای نەلۆسی، نوری بەگی بەگزادە و محەمەد خزری "قازی شنۆیە" واتە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی باڵای کۆمەڵە یاوەرییان کرد. قازی محەمەد لە باکۆ چاوی بە باقرۆڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجان کەوت. ئاکامی ئەو دیدارەی دەستەی نوێنەرایەتی کورد لەگەڵ باقرۆڤ، هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی بەدواوە بوو(5).

## کاریگەریی محەمەد قازی لەسەر هەڵوەشاندنی ژێکاف و دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

لەم وتارەدا بەپێویستی نازانم ئاماژە بەهۆیەکانی هەڵوەشاندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بکەم، جگەلەوەی کە بڵێم کۆمەڵەی ژێکاف لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی 1324 ئۆکتۆبەری ساڵی 1945 هەڵوەشا. ئەو خوێنەرە بەڕێزانەی دەیانەوێ هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوەشانی کۆمەڵە بزانن، با سەردانی وێبلاگەکەم www.hamedgohary.kurdblogger.com و کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بکەن کە یەکێکە لە نووسینەکانم. بەهەرحاڵ دوای گەڕانەوەی قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە باکۆ، قازی محەمەد لە کۆبوونەوەیەکی هەیئەتی ناوەندیی ژێکافدا دەڵێ:
- (دروشمی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ هەمووومان جێگەی ڕێزە و دەزانین بەتەواوی بەرگری لە مافی گەلەکەمان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێکە کە هیچ لایەنێکی جیهان داکۆکی لە داخوازەکانی ئەمڕۆی ژێکاف ناکات. گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگەیەکی درێژ و پڕهەواز و نشێوە و ئەمڕۆ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو ئاواتە بەدی ناکرێ. کەواتە پێویستە ئێمە چاو بە داخوازەکانماندا بخشێنین و لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان بخەین و لایەنگریان بۆ بدۆزینەوە. بەڕای من داوای ئەمڕۆمان دەبێ لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا هەڵسەنگێنرێ و شتێک لە پرۆگرامی خۆماندا بگونجێنین کە لەگەڵ دەقی یاسا و دەستووری ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران بگونجێ. بەپێی ئەو بۆچوونە پێویستە ناوی کۆمەڵەش بگۆڕدرێ و قالبێکی نوێ دانێن کە لەگەڵ دروشمە تازەکەمان بێتەوە(6).)
بەگوێرەی ئەو پلانە محەمەد قازی سەرەتا بە هاوکاریی سەرۆک عەشیرەتەکان، کۆمەڵەی ژێکاف هەڵوەشا و دواتر بە هاوکاریی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان(7)، حزبی دیموکراتی کوردستانی لە یەکی خەزەڵوەری 1324- 23ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1945 دامەزراند و یەکەم کۆنگرەی حیزبی لە 24 ی ئۆکتۆبەر و واتە ڕۆژێک دوای دامەزرانی پێکهێنا(8).

**هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان:**

قازی محەمەد لە پلەی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆژی 21ی سەماوەز- 12ی دیسێمبەری 1945 چووە تەورێز و بەشداریی کرد لە ڕاگەیاندنی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجاندا. دوای گەڕانەوەی بۆ مهاباد سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات بڕیاریدا ئاڵای کوردستان لە جێگەی ئاڵای ئێران بەرز بکاتەوە و جمهوریی کوردستان ڕابگەیەنێ، بەڵام بەرلە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، پێویست بوو، ئاڵای ئێران لەسەر دەزگاکانی حکوومەت دابەزێنن و محەمەد قازی سوێندی سەرۆکایەتی کۆمار بخوات.

بەم مەبەستە خەڵکی مهاباد بەگوێرەی بەرنامەی دیارییکراوی حیزب ڕۆژی 24ی دیسێمبەر لە کۆبوونەوەیەکی مەزندا ئاڵای ئێرانیان لەسەر دەزگا حکوومیەکان دابەزاند و قازی محەمەد بەشێوەی خوارەوە سوێندی یاسایی خوارد:

- **(ئەمن بە خودا بە کەلامی عەزیمی خودا بە نیشتمان بە شەرافەتی کورد بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بەگیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهوری کوردستان و یەکێتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم(9).)**

دوو ڕۆژ دوای دابەزاندنی ئاڵای ئێران لەسەر بانی ئێدارە و دەزگا حکوومییەکان، سەرلەنوێ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 26ی سەرماوەز کۆبوونەوەیەکی مەزن و شکۆداری لە مهاباد پێکهێنا بەمەبەستی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان. گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی سێی خۆیدا پەنجە بۆ ڕێورەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕادەکێشێ و دەنووسێ:

**- (هەروەکو پێشتر بەعەرزتان گەیشت ڕۆژی 26ی آذر هەموو نوێنەرانی کوردستان لە شاری مهاباد کۆبوونەوە. کاتژمێر 10ی بەیانی ئاڵای کوردستان لە کانگای حیزبەوە گوازرایەوە. نزیکەی دە هەزار کەس لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربوون. دەستەی موزیک مارشی نەتەوەیی دەژەنی. لە سەرتاپای شەقامی وەفایی پێشمەرگەکان بە جلوبەرگی ڕەسمی لەگەڵ کچ و کوڕە خوێندکارەکان لە باسکی ڕاستی ئاڵا دەڕۆیشتن. گەورە و بچووکی مهاباد، هەیئەتە ڕەسمییەکان و نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بەدوای ئاڵادا دەهاتن. خەڵک بە شانازیی ئاڵا چەپڵەیان لێدەدا. پێشەوای مەزنی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد. بە دوای وتارەکەیدا و بەرز کردنەوەی ئاڵا لەسەر بانی بینای هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان، ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێهات. )**

شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیەدا محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی کە بە بەرگی سەربازییەوە بەشداریی ڕێوڕەسمەکەی کردبوو، بە نوێنەرایەتی هەیئەتی ڕەئیسەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قازی محەمەدی بە سەرۆک کۆماری کوردستان ناساند و پیرۆزبایی ئەو هەڵبژاردنەشی لە هەموو گەلی کوردستان کرد و خەڵکەکەش نازناوی پێشەوایان بە قازی محەمەد بەخشی.

هەروەها ڕۆژی 2ی ڕێبەندان- 22ی ژانویە لە کۆبوونەویەکی مەزنتردا کە سەرۆک مستەفا بارزانی و نزیکەی بیست هەزار کەس بە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بەشدارییان تێدا کردبوو، پێشەوا قازی محەمەد جمهوری دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند.

کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات و هاوکاریی سەرۆک مستەفا بارزانی و هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان کە لە چوار بەتالیۆندا ڕێکخرابوون و بەرەکانی شەڕی سەقز و سەردەشتیان بە ئەستۆ گرتبوو، توانی دە مانگ و بیست و شەش ڕۆژ دەوام بێنێت.

کۆماری کوردستان لەو ماوەیەدا گەلێك دەسکەوتی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگیی و نەتەوەیی بەدەستهێنا. سیستمی ئیداریی، دەزگای حکوومەتی، سوپای نەتەوەیی، دەزگای پەروەردە و ڕاگەیاندنی گشتی و چەندە ڕێکخراوی مەدەنی ژنان، لاوان و ڕۆشنبیریی دامەزراند، زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسی و لە خوێندنگەکاندا کەڵکیان لێوەرگرت. چەندەها ڕۆژنامە و گۆڤاری وەك: کوردستان، هەڵاڵە، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ئاوات و هاواری کوردی بڵاوکردەوە. سینەمای سەیار و ڕادیۆی بە زمانی کوردی دانا و بە دامەزراندنی شیرکەتی تەرەقی و هێنانی ماشێنی کشتوکاڵ ویستی پەرە بە ئابووری کوردستان بدات، بەڵام ماوەی نەبوو، کە سیستمی پەیوەندییەکانی عەشیرەتی بگۆڕێت و هەربەم بۆنەیەوە چەکدارانی عەشیرەتیی سوپای کۆماریان پێکدەهێنا و بە فەرمانی دەرەبەگەکان هەڵدەسوڕا کە ئەوە ئەڵقەی لاواز بوو و لەکاتی خۆیدا کۆماری کوردستانی بەچۆک هێنا.

پێشەوا قازی محەمەد بەکردەوە پێشانیدا نیشتمانپەروەرێکی فیداکاری و نەسروتووە. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی زۆر بەشداریی خەباتی سیاسیی نەکردبوو، بەڵام خۆبەختکردنی لە پێناو نەتەوەی کورددا، ئەوی گەیاندە پلەیەک کە بۆ هەمیشە لە دڵی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەمێنێتەوە. حەسەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکاندا پەنجە بۆ کۆبوونەوەیەکی خۆی لەگەڵ قازی محەمەد ڕادەکێشێ و دەنووسێ:
**- (لەو سەروبەندەدا بوو کە قازی محەمەد و سەیفی قازی هاتنە تاران. ڕۆژێک سەدری قازی برای قازی محەمەد کە نوێنەری پەرلەمانیش بوو، بە تەلەفۆن داوای لێکردم چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ئەو و براکەی هەبێ. ئەوان هاتنە سەرکردایەتی سوپا و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە و دوور و درێژمان پێکەوە کرد. سەدر و سەیف تا ڕادەیەک خۆیان دەپاراست و هێمن بوون و بە پێچ و پەنا قسەیان دەکرد و دەیانگوت هیوادارین دەوڵەتی ئێران لە تایبەتمەندییەکانمان بگات و مافی نەتەوەییمان بسلمێنێ و ئێمەش بۆ پێشخستنی تەواوی میللەتی ئێران هاوکاریی دەوڵەت دەکەن. قازی محەمەد کە ڕاستوڕەوانتر لەو دووانە قسەی دەکرد. لە سەرەتادا گلەیی لە ئازارەکانی پێشوو کرد و پاشان لە گەندەڵیی و لێنەهاتوویی دەزگاکانی دەولەت لە ناوچە کوردنشێنەکان دوا و لەم بارەیەوە کە بۆچی لە کوردەکان بۆ کاری ئیداریی ناوچە کوردنشینەکان کەڵکوەرناگرن ڕەخنەی گرت(10).)**

**پێشەوا قازی محەمەد و هەرەسهێنانی کۆمار:**
کۆماری ئازەربایجان ساڵێک دەوامی کرد. سوپای ئێران بە فەرماندەیی سەرتیپ هاشمی ڕۆژی 20ی سەماوەز- 13ی دیسێمبەری 1946 تەورێزی داگیرکردەوە و پیشەوەریی و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی فیرقەی دیموکرات و کۆماری ئازەربایجان پەنایان بۆ سۆڤیەت برد. کۆماری کوردستانیش دوابەدوای ئەو، بەدروستی لە ڕۆژی 17ی دیسێمبەری ساڵی 1946دا، واتە ساڵێک دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مهاباد، دڵە چکۆلەکەی لە لێدان کەوت و دوژمن مهابادی داگیر کردەوە.
ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بۆ چەند هۆی سەرەکی دەگەڕایەوە، وەك: پشتیوانی نەکردنی هاوپەیمانان لەو کۆمارانە، پاشەکشەی سۆڤیەت لە ئێران و کوردستان، خیانەتی سەرۆک عەشیرەتە بەزیوەکان کە بە وتەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ خزمەتکردن بە دوژمن و خیانەت بە گەلەکەیان پێشبڕکێیان بوو.

بەڕای من سەرەڕای ئەو خاڵە گرنگانە و چەند خاڵێکی‌تر، هۆی سەرەکی ڕووخانی کۆماری کوردستان دەگەڕایەوە بۆ درەنگ ڕاگەیاندنی کۆمار و بێ توانایی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە پەروەردە کردنی ئەندامانی حیزب و ڕۆشنبیران و بەگشتی خەڵکی کوردستان بۆ یەک هەڵوێستی و بەرگریی کردنیان لە کۆماری کوردستان.
ئەو بەشەی کە کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی لێ ڕاگەیندرا، لە مانگی ئاگۆستی ساڵی 1941وە ئازاد بوو، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و ئازەربایجان لە ساڵی 1946دا بە فیکری بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمار و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کەوتن. واتە ئەوکاتەی کە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهاتبوو و بەریتانیای مەزن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت (هاوپەیمانانی جەنگ) دەبووایە بەگوێرەی پەیمانێک کە ڕۆژی 29/ 1941/11 لەسەری ڕێککەوتبوون، بۆ ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی ئێران، شەش مانگ دوای کۆتاییهاتنی جەنگ ئێران بەجێهێڵن(11).
هەرچەندە سۆڤیەت بۆ بەدەستهێنانی هەندێک دەسکەوت و نووسینی پەیمانێکی نەوتیی لەگەڵ ئێران لە 1946/4/4 بە ئیمزای ساوچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت و قەوام سەلتەنە(12) لە ئێران مایەوە و بەدوای هەڕەشەی "ترومن" سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکادا، لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەری 1946 ئێرانی بەجێهێشت(13)، بەڵام دە یازدە مانگ ماوەیەک نییە بۆ حیزبێکی سیاسی کە بتوانێ کادیر و گارگێڕ بۆ بەڕێوەبردن و بەرگری کردن لە وڵات پەروەردە بکات و لە بەرامبەر دەوڵەتێکی پڕچەکدا خۆی ڕاگرێت.
ڕۆژی 15 سەرماوەزی 1325- 6 دیسێمبەری 1946 سەرۆک عەشیرەتەکان و کاربەدەستانی کۆمار و پیاوە ماقوڵەکانی شاری مهاباد لە مزگەوتی هەباس ئاغا کۆبوونەوە. قازی محەمەد و سەدری قازی ڕایانگەیاند، دەبێ لە بەرامبەر هێزە داگیرکەرەکانی ئێراندا ڕاوەستین. سەدری قازی گوتی:
**- (دەوڵەت هێز و توانای پێویستی بۆ شەڕ لە دوو بەرەدا نییە. نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر من لە تاران بووم و ئاگادارییم لە دۆخی ئەفسەر و دەرەجەدارەکان هەیە. دەوڵەت لە سەقز و سەردەشت و تیکاب بێ هێزە. ئێمە بە یارمەتی عەشایر و هێزە چەکدارەکانمان دەتوانین دوژمن بشکێنین. لە ڕابردوودا عەشیرەتێک دەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتدا ڕابوەستێ و بەرگری لە خۆی بکات و ئێستاش ئێوە لەوان کەمتر نین.)**
لە بەرامبەر داخوازی قازی محەمەد و سەدری قازیدا، مەلا عەبدوڵڵای مودەریسی و مەلا حوسێنی مەجدی و ژمارەیەکی‌تر دژی بەرگریی کردن بوون و خەڵکیان هاندا کە خۆیان بەدەستەوە بدەن و سەرئەنجام سوپای ئێران ڕۆژی 26 سەرماوەز مهابادی داگیرکردەوە(14).
بەرلەوەی کە مهاباد بکەوێتە دەست دوژمن، شەوی 16 دیسێمبەری 1946 سەرۆک مستەفا بارزانی چاوی بە پێشەوا قازی محەمەد دەکەوێ و سەبارەت بەو چاوپێکەوتنەی ڕادەگەیەنێ:
- (چووم بۆلای قازی محەمەد و لێمپرسی ئایا دەیەوێ چی بکات؟ لە وەڵامدا گوتی: دەمەوێ خۆم فیدا بکەم، بۆ ئەوەی خوێنی مهابادییەکان نەڕژێ، خۆم دەدەمە دەست سوپای ئێرانەوە. گوتیشی وەڵامم بۆ ژەنەراڵ هومایونی ناردووەتە میاندواو و باری ئێرەم تێگەیاندووە... لەکاتی دوواندا قازی چاوی پڕببوولە ئاو، گوتی: لە پیاوەکانی خۆت زیاتر پشت بەکەس مەبەستە، چونکە زۆرن ئەوانەی سوێندیان بۆمن خوارد بوو، کەچی ئێستا بۆ خزمەت کردنی سوپای ئێران پێشبڕکێیانە. هەروەها دەمەوێ لە سەرۆکی هۆزەکان وریا بی کە بڕوایان پێناکرێ، تکاشم وایە کە بە زووترین کات مهاباد بەجێهێڵی تا لێرە لەگەڵ لەشکری ئێران بەگژ یەکا نەچن... ئەمجا لێی پرسیم ئەمەوێ چی بکەم؟ گوتم خێزان و هێزەکانم لە ناوچەی شنۆ و مەرگەوەڕ کۆ دەکەمەوە و چەندی پێم بکرێ خۆم لە تێکهەڵچوون لەگەڵ سوپای ئێران دەپارێزم تا دەگەینە بەهار. تەقەللاش

دەکەین حکوومەتی عێراق ڕازی بکەین بەخشینێکی گشتی دەربکا بۆ خۆشمان نەبێ بۆ خاوخێزانەکانمان، جا ئەگەر ئەوەشمان بۆ نەکرا، هەموومان ڕوو دەکەینە یەکێتی سۆڤیەت، خۆمان نادەین بەدەستەوە نە بە ئێران و نە بۆ عێراق... جا دەستم کرد بە داوا لێکردن و سەرکردنە سەری کە مهاباد بەجێهێڵێ و لەگەڵ ئێمە بێ، بە بەڵێنی شەرەفیش دڵنیام کرد، کە بەبێ سێ و دوو گیانی خۆمی فیدا دەکەم تا هیچی لێ نەیەت، چونکە ئەو دروشمی نەتەوەکەمانە... پێشم گوت: منیش ئامۆژگاریت دەکەم پشت بە بەڵێنەکانی حکوومەتی ئێران نەبەستێ، ئێمە زۆرمان لەبەر گرانە کە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان بکەوێتە بەردەستی دوژمن. قازی هەستایە پێ بە گریانەوە ماچی کردم و گوتی: لەبەر خوا دەپاڕێمەوە بتانپارێزی و سەرکەوتوو بی، با ژیانی من فیدای هاونیشتمانییەکانم بێت و ببێتە هۆی دوورخستنەوەیان لەو بەڵایەی هەڕەشەیان لێدەکات... ئەوەی گوت و ئاڵایەکی کوردستانی لە گیرفانی دەرهێنا و دایمێ و گوتی: ئەمە ڕەمزی کوردستانە دەتدەمێ وەکو ئەسپاردەیەک لەملتابێ، چونکە پێموایە تۆ لە هەموو کەس باشتر پارێزگاری دەکەیت(15).)

**قازی محەمەد و دادگای سەربازیی ئێران:**

چەند ڕۆژ دوای داگیرکردنەوەی مهاباد لەلایەن سوپای داگیرکەری ئێرانەوە، پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی دەسبەسەر کران. ڕۆژی 19ی ژانویەی 1947 هەرسێ قازییەکان لە دادگایەکی تایبەتیی سەربازییدا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ "ڕەزا نیکوزادە" دادوەری گشتیی، سەرهەنگ "ڕەجەب عەتایی" سەرۆکی دادگا و سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، سەروان حوسێن سوڵح جو و سەروان نەبەوی کە پارێزەری دەستیشان کراوی دەوڵەت بوو بۆ بەرگریی کردن لە قازییەکان و هەروەها بە بەشداریی چەند ئەفسەریتر بەشێوەی نهێنی لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.

دوژمن کۆمەڵێک تاوانی بۆ پێشەوا و هاوڕێیانی ڕیز کردبوو، لە بەستنی پەیمانی پیشەی نەوت لەگەڵ سۆڤیەتەوە تا سپاردنی دەسەڵات بە بارزانییەکان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان. دادگا ڕۆژی 1325/1/5 -1947/3/25 لە دۆسیەی پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی کۆڵییەوە. پێشەوا چەندەها ڕەخنەی لە دادگا و حکوومەت گرت و لە کۆتاییدا ڕایگەیاند:

**- (ئەم دادگایە سەلاحیەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر من و هەڤاڵانم نییە. ئێمە مرۆڤی مەدەنین و دەبێ لە دادگایەکی مەدەنی یا لە تاران لەلایەن دادرەسیی سوپاوە محاکمە بکرێن.)**

قازی محەمەد جگە لە سێ خاڵی وەک: چوونی بۆ ئازەربایجان و دیداری لەگەڵ باقرۆڤ، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بوونی مستەفا بارزانی لە کۆماردا، دانی بە تاوانە هەڵبەستراوەکانیتری دادگا نەنا و لە دواییین بەرگریی خۆیدا ڕایکەیاند:

**- (پێتان وانەبێ من ئاگام لە چارەنووسی خۆم نەبووە، بەڵکوو بەچاکی دەمزانی و بەرلە هاتنی سوپا و هێزە ناوەندییەکان بۆ مهاباد گوتوومە کە من لە سێدارە دەدەن. بۆچی سەرەڕای ئەو چۆنیەتییە هەڵنەهاتووم؟ لەبەر ئەوە نەبوو کە نەمتوانیوە، بەڵکوو شەش ماشێنی سواری و جیپم لە دەستدا بوون و هەرکاتێک بڕیارمدابا، دەمتوانی لە سنوور تێپەڕم و خۆم ڕزگار بکەم...... بەڵام بۆ کوێ هەڵاتبام؟ ئێرە خاکی کوردستانە و قەبری هەشت بەرە باب و ئەژدادی منی تێدایە، پێویست بوو بۆ مانەوەی میللەتی کورد ئەو فیداکارییە بکەم(16).)**

سەرهەنگ نیکوزاد و سەرهەنگ عەتایی زۆر جەخت لەسەر ناسینی مستەفا بارزانی دەکەن و کاتێک پێشەوا تێدەگات کە ئەوان زۆریان حەز لە ناسینی بارزانییە، پێیان ڕادەگەیەنێ:
**- (لە چەند ڕستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانیەت و شوجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بوویانە، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسوڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و ڕاستی و پاکی و دڵسۆزیی بۆ خۆدا و ئایین و خەڵکی هەژار و داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە. هەروەکو سەعدی شیرازی دەڵێ: هر آنچه خوبان همه دارند، او بتنها دارد. جا حەز دەکەن باوەڕ بکەن و پێتان خۆش بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێ. هەموو ئەوانەی لە دادگادابوون، سەریان لەو تاریفەی قازی محەمەد سوڕما (17).)**

ڕۆژی 1947/2/5، دوازدە ڕۆژ دوای تەواوبوونی محاکمەی قازییەکان، لە تاران قوڵی ئەردەڵان و عەبدولحەمیدی سنەندەجی کە نوێنەری سنە بوون لە خولی چواردەی پەرلەمانی ئێراندا، لەگەڵ خەلیل فەهیمی وەزیری مشاویری حکوومەتی ئەوکات، دەچنە لای پێشەوا قازی و داوای لێدەکەن بۆ ڕزگاریی خۆی و هەڤاڵانی لە ئیعدام داوای لێبوردن لە حەمە ڕەزاشا بکەن، بەڵام پێشەوا مەرگ هەڵدەبژێرێ و کوڕنۆژ بۆ شا ناکات.

**10 خاکەلێوە و لە سێدارەدانی قازییەکان:**
هەتا بارزانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و نەچووبوونەوە بەشی باشووری کوردستان، دەوڵەتی ئێران پێشەوا قازی و هەڤاڵانی لە سێدارە نەدا، بەڵام هەرکە ئەوان لە 27ی مارسی 1947 ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشت، محەمەد ڕەزا پەهلەوی فەرمانی لە سێدارەدانی قازی و هەڤاڵانی ڕاگەیاند و بەیانیی ڕۆژی 10 خاکەلێوەی 1326- 30 مارسی 1947 لە چوارچرای شاری مهاباد، لەو جێیەی کە پێشەوا کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیاندبوو، لە سێدارە دران.
کاتژمێر 8ی بەیانیی ئەو ڕۆژە، ڕوکنی دووەمی بەڕێوەبەرایەتی لەشکری چواری ورمێ، هەواڵ لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە ڕاگەیاندنی ژمارە 19124- 1326/1/10 (1947/3/30) بڵاوکردەوە:
**لە کۆتایی ساڵی 1320- 1941دا، محەمەد قازی، ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە مهاباد دەستیان دایە زنجیرەیەک هەڵخەڵەتاندن و چالاکییەکی دژ بە ئاسایش و هێمنایەتی ناوچە و بەرەبەرە کاری پیاوکوژانەی خۆیان پەرە پێدا، کە بوو بەهۆی هەندێک ڕووداوی داخهێنەری وەک هێرشکردنە سەر شارەبانی مهاباد و کوشتنی پێنج پاسەوان، تاڵانکردنی شارەبانیی و لەناوبردنی بەڵگە و دەستاوێژی پیاوکوژییەکانی خۆیان، کوشتنی "مەحموودیان" بازرگانی مهابادی و "قازی زادە" بەڕێوەبەری ئیدارەی ئامار، کە هەموویان بوونە قوربانیی زێدەخوازیی ئەوان. هەروەها تاڵانکردنی گوندەکان و ڕووداوی دیکەی ناوچەکە.**
**محەمەدی قازی بە هاوکاریی براکەی بەناوی سەدری قازی کە بەڕواڵەت نوێنەری خەڵکی مهاباد بوو لە پەرلەمانی ئێراندا، بەڵام لە ئەسڵدا ماکەی سەرەکیی بەڕێوەبردنی نەخشەی گڵاوی دابەشکردنی بەشێک لە ئێران بوو، هەروەها سەیفی قازی بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجی ناپیرۆز و گڵاوی خۆیان، سەرۆکی هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانیان لە مهاباد دەرکرد و لە 24ی سەرماوەزی 1324- 15ی دیسێمبەری 1945دا ئاڵای سێ ڕەنگی شێر و هەتاوی ئێرانیان لەسەر بینا حکوومەییەکان دابەزاند و ئاڵایەکیان بەناوی ئاڵای کوردستان لەجێی بەرز کردەوە.**

محەمەدی قازی لە دووی ڕێبەندانی 1324- 22ی یانواری1946دا خۆی بە سەرۆک کۆماری کوردستان ناساند و تاقمێک خیانتکاری ڕابردوو خراپی بەناوی وەزیری حکوومەتی خودموختاری کوردستان لەسەر ئیشوکار دانا، کە هەموویان هاوکاری نزیکی خۆی بوون. ئینجا بۆ بەربەرەکانی کردنی هێزی دەوڵەت، تاقمێکی چەکداری لە خەڵکی مهاباد و بارزانییەکان پێکهێنا و ژمارەیەک چەک و تەقەمەنییەکی زۆری لەنێو دانیشتوان و عەشیرەتەکاندا بەشکرد و ڕەوانەی سەقز و سەردەشتی کردن. ئەوەش بووە هۆی گەلێک ڕووداوی خوێناوی، هەرچەندە هێزی دەوڵەت چەندجار لە کوردستان داوای فەرمانبەداریی لێکردن، هیچ سوودی نەبەخشی.
هەروەها بەڕێوەبەرانی خاوەن ڕێزی دەوڵەت لە تاران گەلێکیان هەوڵدا لەو بیرە چەوت و نابەجێیە دووریان بخاتەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو و درێژەیان بە ڕێبازی خۆیاندا. دانیشتوانی شار و ئەندامانی عەشیرەتەکانیان هاندا دژی هێزەکانی حکوومەت بەربەرەکانی بکەن و بە نووسینیش فەرمانی هێرش بردنە سەر هێزە سەربازییەکانی سوپایان دەرکرد، بەڵام بەخۆشییەوە عەشیرەتەکان بەبیری گڵاوی ئەوانیان زانی و گوێیان نەدانێ. ئینجا هێزە سەربازییەکان درێژەیان بەچوونە پێشی خۆیاندا و هەموو پیلانی خیانەتکارانیان بی سوود هێشتەوە. لە ئاکامدا ئەم خیانەتکارانە دەسبەسەر کران و کەوتنەبەر پەنجەی دادگەری. دۆسیەیان نێردرایە "دادگای سەربازیی سەردەمی شەڕ" و هەرسێکیان بە ئیعدام مەحکووم کران. دادگای پێداچوونەوە و هەروەها خاوەن شکۆ شاهەنشا حوکمەکەیان پەسەند کرد و لە کاتژمێر 6ی بەیانی ڕۆژی 10ی خاکەلێوە- 30ی مارسی 1947، حوکمەکە بەڕێوەچوو.

فەرماندەی لەشکری چوارەم و هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان
سەرلەشکر هومایونی(18)

حکوومەتی ئێران تەنیا بە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و سەدر و سەیفی قازی نەوەستا، بەڵکوو سەرەڕای دەستگیر کردنی وەزیرەکانی حکوومەت و ئەفسەر و کاربەدەستە باڵاکانی کۆمار، زۆر کەسی بێتاوانیشی لە مهاباد، سەقز، بۆکان و شنۆ گرت و لە زیندانەکاندا کۆی کردنەوە.
لەناو گیراوەکاندا ئەم پازدە ئەفسەرانەی خوارەوەی کە لە تەورێز زیندانی کردبوون، گەڕاندەوە مهاباد و سەقز و بۆکان و ڕۆژی 17ی خاکەلێوە 6ی ئاپریلی 1947 ئەوانی لە سێدارەدا.
**لە مهاباد:** حامید مازوچی، عەبدوڵڵا ڕۆشنفکر، ڕەسوڵ نەغەدەیان و محەمەد نازمی. هەروەها محەمەد نانەوازادە کە فەرماندەی لەشکری 3ی هێزی ناوەندیی کۆماری کوردستان بوو، لەکاتی وتووێژەکانی ڕێبەرانی کۆمار و ڕژێمی ئێران، ڕۆژی 1946/7/17 کاتی گەڕانەوەی لە بانە بۆ سەقز بەهۆی کەوتنەخوار و سوتانی فڕۆکەکەی لە نزیک کەلیخان شەهید بوو.
**لە سەقز:** شێخ ئەمین ئەسعەدی کەسنەزانی، ئاغا سەدیق ئەسعەدی سەقزی، عەلی ئاغای جەوانمەردی سەرۆکی گەورکان، ڕەسوڵ ئاغای مەحموودی برای علی ئاغا، ئەحمەدخانی فاروقی ناسراو بە سالار جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان و ناوچە، عەبدوڵڵاخانی مەتین برای ئەحمەدخانی سالار، حەمەخانی دانیشوەر برای ئەحمەد خانی سالار، حەسەن خانی فەیزوڵڵابەگی، علی خانی فاتح، محەمەد بەگی فەیزوڵڵابەگی، ئەحمەدخانی شەجیعی کە لەبەر جوانچاکیی شنگەیان پێدەگوت.
**لە بۆکان:** عەلی بەگی شێرزاد فەرماندەی هەنگی 5 ی ناوەند.

هەروەها چوار ئەفسەریتری کۆمار کە لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی هاتبوون و فەرماندەی چوار بەتالیۆنی کۆمار بوون بە ناوەکانی: مستەفا خۆشناو، خێروڵلا عەبدولکەریم، محەمەد مەحموود قودسی، عیزەت عەبدولعەزیز بە دوای پاشەکشە کردنی هێزەکانی بارزانی بۆ باشووری کوردستان، لە لایەن ڕژێمی پاشایەتی عێراقەوە دەستگیر و ڕۆژی 1947/6/19 لە باشووری کوردستان لە سێدارەدران.
جگەلەوە، شەڕی بەرگریکەرانەی بارزانییەکان لە قاراوا و مامەشا و ملقارنێ لەکاتێکدا ئەنجامیان گرت کە نەخۆشیی تایفۆئید لە ناوچەکەدا بڵاوببووەوە و بارزانییەکانی وەک گەڵای دار دەوەراندە سەر زەوی، بەجۆرێک کە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 1946دا 1500 کەس و تا کۆتایی ساڵی 1946، نزیکەی 2000 کەس بە ژن و منداڵەوە مردن. هیچ گوندێکی ناوچەی سەقز، بۆکان، مهاباد، نەغەدە و شنۆ نەبوو کە گۆڕستانێکی تایبەت بە بارزانییەکانی لێ نەبێت(19).

**کارگەریی پێشەوا لەسەر هەڤاڵانی:**
بەدوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە مهاباد، سەقز، بۆکان و عێراق، ژمارەیەک لاوی کۆڵنەدەر و هەڵگری ڕێبازی پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان کە فێرببوون بە ئازادی و دوور لە چەوسانەوە بژین، سەریان بۆ دوژمن و دەرەبەگە خۆفرۆشەکان شۆڕ نەکرد. ئەوان ئەو وتە بەنرخەی پێشەوایان وەرگرتبوو، کە کاتی لە سێدارەدان بە دوژمنی ڕاگەیاند:
**- (ئەمڕۆ ئێوە من دەکوژن، بەڵام دەبێ بزانن کە لە داهاتوودا هەر کوردێک بۆخۆی قازی محەمەدێکە و لە مافەکانی خۆی و نەتەوەکەی خۆش نابێت.)**
هەڵسوکەوتی باش و دیموکراتییانەی پێشەوا لەگەڵ ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان، ڕاستگۆیی و ئەمەکدارییەتی بە بەڵێنەکانی، خۆڕاگریی و چاونەترسیی لە بەرامبەر دوژمنانی گەلی کوردستان لە دادگا کارتۆنییەکەی سوپادا، کاریگەریی وتەکانی لە دادگای یکتاتۆڕدا و.....تد، جیلێکی پەروەدە کرد، کە نەهێڵن ڕێبازەکانی کوێر بێتەوە. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە لاوانی ئەندامی سازمانی جەوانانی حێزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی غەنی بلوریان نەیانهێشت ساڵێک بەسەر شەهید کردنی پێشەوا و هەڤاڵانیدا تێپەڕی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیان زیندوو کردەوە.
بەدوای زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1947دا، ئەندامانی حیزب چەندەها جار لەلایەن ڕژێمی کۆنەپەرستی پاشایەتیی ئێرانەوە گیراون و ڕاونراون. پاڵەوانە نەبەزەکانی حێزب 25 ساڵ لە زیندانی شادا خۆیان ڕاگرت و ڕێبازی پێشەوایان بەرنەدا و کرنۆشیان بۆ دوژمن نەکرد. ئەوانەش کە ئاوارە ببوون، نەیانهێشت ناوی حیزبی دیموکرات کوێر بێتەوە و بە پێکهێنانی کۆنگرەی دووەمی حیزب لە باشووری کوردستان، درێژەیان بە خەباتدا. دوژمنی داگیرکەر لە ماوەی شەست و چوار ساڵی ڕابردوودا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، گەلێک زەبری قورسی لە حیزب داوە و تەنانەت توانیویەتی چوار سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە بەشێوەی خوارەوە شەهید بکات:
- پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆمار و سکرتێری گشتیی حیزب لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری شاهەنشاهیەوە لە سێدارە درا.
- عەبدوڵای ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" سکرتێری گشتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حێزب لەژێر شکەنجەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی عێراقدا شەهید کرا.

- دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤیەن تیرۆر کرا.
- دوکتۆر سادق شەرفکندی (سەعید بەدڵ) سکرتێری گشتیی حیزب لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕەستورانی میکونوسی برلین تیرۆر کرا.
جگەلەوە دوژمن هەزران کوڕ و کچی پێشمەرگە و لایەنگری حیزبی دیموکراتی لە گۆڕەپانەکانی شەڕ و لە زیندانەکانی شا و کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیدا شەهید و شکەنجە کردووە و دەیان هەزار کەسیشی ناچار کردووە ڕوو لە ئاوارەیی بکەن.
لەگەڵ هەموو ئەو سەروەرییانەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی دامەزرانی و کۆماری کوردستاندا بەدەستی هێناوە، حیزب بە دوای کۆنگرەی دووەمیدا تووشی نەخۆشییەکی خەمهێنەر بووە و کۆنگرەکانی 3- 14ی حیزب نەیانتوانیوە ئەو نەخۆشییە چارەسەری بکەن. نەخۆشییەک کە لەمپەری خستووەتە بەر گەشەکردنی حیزب و تەنانەت چەند جار حیزبی لەت کردووە و هەزاران کەسی بە تاک و بەکۆمەڵ لە حیزب دوور خستووەتەوە، یا لە لایەن دەسەڵاتدارانی حیزبەوە لە حیزب دەرکراون، یا لە حیزب دوور خراونەتەوە.
ناعەدالەتی و هەڵسوکەوتی نادیموکراتی و بەرچاوتەنگیی حیزبیی لە حیزبی دیموکراتدا کە سەرچاوەکەی بۆ لاوازیی بەڕێوەبەرایەتیی و پەروەردە کردنی نادروست دەگەڕێتەوە، بنەمای ئەم گرفتانەیە کە حیزبی تووشی قەیران و نەخۆشیی کردووە.
گەلی ئێمە بە درێژایی مێژوو هەلومەرجی شیاوی ئەمڕۆی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نەڕەخساوە، لاوان و ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردستانیش هەرگیز وەک ئەمڕۆ بە زانیاریی پشتی داخوازە نەتەوەییەکانی خۆیان نەگرتووە. بۆ ئەوەی کە ئەو هێزە و ئەو هەلومەرجە لەکیس نەچێت، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەردوو باڵەکانییەوە کە حیزبێکی نەتەوەییە، دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی پێشەوا قازی و لە کارەکانیدا بە شێوەی دیموکراتیی کەڵسوکەوت بکات و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە.
بۆ ئەم مەبەستە حیزب پێویستە بەسەر مێژووی ڕابردوویدا بچێتەوە. ئاشتبوونەوەیەکی گشتی و نەتەوەیی لەگەڵ هەموو شەهید و زیندووەکانی ڕابگەیەنێ. داوای لێبوردن لە شەهیدانی کۆمار بکات کە پترلە 30 ساڵە ناویان لە ئەدەبیاتی حیزب و تەنانەت لە یادکردنەوەکانی کۆماری کوردستانیشدا لەبیر کراوە و جگەلە پێشەوا قازی محەمەد و جارەجارە سەدر و سەیفی قازی باسی شەهیدەکانی کۆماری ناکرێت.
چۆن گەلی کورد دەتوانێ گەورەیی زەڕوەشان خانمی دایکی ئەحمەدخانی فاروقی، عەبدوڵڵاخانی مەتین و حەمەخانی دانیشوەر لەبەرچاو نەگرێ، کە کاتی بیستنی لە سێدارەدانی کوڕەکانی لە گوندی "قەیلەسوون"ەوە خۆی گەیاندە سەقز و تەرمی کوڕەکانی بە زۆر لە سەرگورد "محەمەد عەلی زەرغامی" فەرماندەی سوپای ئێران ستاندەوە و ئەوانی لە سێدارە دابەزاند و بە خوێنی ڕوومەتی ڕنراوی، ڕووی زەردی کوڕەکانی سوور کرد کە دوژمن بیرلەوە نەکاتەوە کە گەلی کورد لە سێدارەی دوژمن دەترسێ.
بەڕاستی بۆچی ناوی حوسێنی فروهەر، عەزیزی یوسفی، سەدیقی خاتەمی، سەدیقی هەنجیری، ئەحمەدتۆفیق و دەیان شەهیدیتری هەڤاڵی پێشەوا قازی لە مێژوو و ئەدبیاتی حیزبی دیموکرات سڕاونەتەوە؟ ئەگەر سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات ئامادە نییە دان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیقدا بنێت، بۆچی کۆنگرەی دووەم بە ڕەسمی دەناسێت و خستوویەتە ڕیزی کۆنگرەکانی حیزبەوە؟ ئەگەر ئەو شەهیدانە خیانەتیان بە نەتەوەکەیان کردووە کە هەرگیز شتێکی وا ڕووی نەداوە، سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات پێویستە بەهۆی ئەو کۆتایی کردنەی داوای لێبوردن لە

شەهیدان، بنەماڵەی شەهیدان و ئەو ئەندامانەی بکات کە دەسەڵاتدارانی حیزب هەموو جارێ بەدوای کۆنگرەکانی حیزبدا بەهۆی بۆچوونی جیاوازی سیاسی لە حیزب دەریکردوون.
بەگشتی ئەگەر سەرکردایەتی حیزب دەیەوێ حیزب لەو نەخۆشیی و قەیرانە ڕزگای بکات کە هەموو جەستەی حیزبی داگرتووە، پێویستە بەسەر مێژوو و بڕیارە کۆنەکانی حیزبدا بێتەوە و سەرلەنوێ بیانووسێتەوە. بێگومان ئەوکارەی پرستیژی حیزب بەرز دەکاتەوە و ڕۆحی پێشەوا و شەهیدانی کۆمار و شەهیدانیتری کوردستان شاد دەکات و ڕێگا بۆ کۆمەڵێکی زۆریش خۆشدەکات کە لە دەوری حیزب کۆبنەوە و حیزب لە نەخۆشیی لەتبوون و قەیرانە ناوخۆییەکانی دوور دەکاتەوە. بە ئومێدی ئەو ڕۆژە.
پیرۆز بێت یادی پێشەوا قازی محەمەد و شەهیدانی کۆماری کوردستان

بۆ بینینی بابەتی زیاتر ، سەردانی ئەم وێبلاگە بکەن
www.hamedgohary.kurdblogger.com

سەرچاوەکان:
1- ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر داوای ڕێزدا جەلیلی گادانی بە بۆنەی 10ی خاکەلێوە شەستەمین ساڵی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی ئامادە کراوە و دواتر بەسەریدا چوومەتەو.
2- بەڵگەنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە زمانی تورکی. بۆ بینینی بڕوانە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نووسینی نووسەری ئەم بابەتە، لاپەڕەی 125- 126 .
3- ئاڵەکۆک، نووسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەری ئەم بابەتە، لاپەڕەی 26.
4- بەڵگەنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە زمانی تورکی. بۆ بینینی بڕوانە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نووسینی نووسەری ئەم بابەتە، لاپەڕەی 126- 127.
5- کۆماری 1946ی کوردستان، ویلیام ئیگلتن جۆنز.
6- ئاڵەکۆک لاپەڕەی 57، نووسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەری ئەم وتارە.
7- ڕۆژنامەی مردم ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران ژمارە 36 ، ساڵی 1975. دەقەکەی لە کوردستانی ژمارە 37، گەلاوێژی 1354 ئاگۆستی 1975دا وەرگیراوە.
8- گۆڤاری کوردستان لاپەڕەی 1 ژمارەی 15.

9- قازی محمەد و جمهوری در آینە اسناد، بهزاد خوشحالی، لاپەڕەی 40، چاپ اول 1380 همدان.
10- کوردەکان لاپەڕەی 100. نووسینی حەسەن ئەرفەع، وەرگێرانی نووسەری ئەم وتارە.
11- قازی محمەد و جمهوری در آینە اسناد، بهزاد خوشحالی، لاپەڕەی 7، چاپ اول 1380 همدان.
12- ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا، نووسینی عولە، 1988، سوید.
13- ئێران و زلهێزە گەورەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. دوکتۆر ئیرەجی زەوقی. لاپەڕەی 297. وەڵام بە مێژوو، نووسینی محەمەد ڕەزاشا. قازی محمەد و جمهوری در آینە اسناد، بهزاد خوشحالی، لاپەڕەی 286، چاپ اول 1380 همدان.

14- قازی محمەد و جمهوری در آینە اسناد، بهزاد خوشحالی، لاپەڕەی 253، چاپ اول 1380 همدان.
15- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، مەسعود بارانی لاپەڕەی 169.
16- هەشت بەرە بابی پێشەوا قازی محەمەد بەم جۆرەیە: عەلی، قاسم، ئەحمەد، مەحموود، ئەحمەد، حاجی عوسمان، ئەحمەد و محەمەد هیاملە. من ئەم ناوانەم لە کۆلکەی تۆرەمەنامەی بنەماڵەی قازی محەمەد وەرگرتوە کە کاک نادری قازی 1364هەتاوی بڵاوی کردووەتەوە.
17- دەقی دادگایی کردنی قازی محەمەد، بڵاوکراوە لە ماهنامەی ئەرتەش لەژێرناوی (تاج کیانی) بە قەڵەمی کیومەرسی ساڵح، ساڵی 1947.
18- بڵاوکراوەی ڕوکنی دووەمی لەشکری چواری ورمێ.
19- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، مەسعود بارانی لاپەڕەی 156.

.........

بڵاو کراوە لە
www.peshmergekan.com

2009-10-28